# پرۆژەی حوکومەتی کاتی و یەکگرتووی باشووری کوردستان

## هشام ئاکرەیی

دیارە وەک چۆن کوبۆنەوەکانی کومیتەی تەنسیقی نێوان پارتی و یەکێتی، درێژەیان کێشا لە بارەی کات و ژمارەی کوبۆنەوەکان، بریاری دروستکردنی حکومەتی یەکگرتووی باشووری کوردستانیش، کاتێکی درێژ دەخایەنێت. لە کاتێکدا گەلی کوردستان بە پەرۆشەوە چاوەڕێی حوکمەتێکە، ئاواتەکانی بیهێنتە دی. دواکەوتن لە دامەزراندنی حوکمەتێکی یەکگرتوو لە باشووری کوردستان، زیانێکی گەورە لە دۆزی گەلەکەمان دەدات، بە تایبەت لەم کاتە ناسکەدا.

ڕوخانی ڕژێمی سەددام و کەوتنی عێراق بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا و مەترسی هاتنی لەشکری تورکیا بۆ ناو عێراق، پێویستە ببنە هاندەر بۆ دروستبوونی ئەو حوکمەتە.

تەنیا لە دوای سێ مانگ لە ڕوخانی ڕژێمی سەددام، ئەنجوومەنی حوکومڕانی لە عێراق دروستکرا و لەم ڕۆژانە وەزارەتەکان دەستنیشان دەکرێن، سەرەرای نائارامی و شەڕ و دەستوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ئەو ئەنجوومەنەدا. لە باشووری کوردستان بارودووخەکە ئارام و هێمنترە و دەزگاکانی حکومی دەستبەکارن، کە چی تا وەکوو ئێستا پارتی و یەکێتی ڕێک نەکەوتوون لە سەر درێژەکاریەکانی ئەو حوکومەتە. دیارە هێشتا کێشەی ڕێژە و بەشداریان هەیە. هۆیەکی تری بەدواکەوتنی دامەزراندنی حوکومەتی بەکگرتووی باشووری کوردستان، چاوەڕێ کردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک و دەستەی سەرکرادایەتی ئەنجوومەنی حوکمی عێراقن. پارتی ویەکێتی دەیانەوێ بزانن ئایە بەڕێز مەسعەود بارزانی و بەڕێز جەلال تالەبانی لە ناو دەستەی سەرۆکایەتی عێراقدا دەبن یان نا. چونکە ئەگەر تەنیا بەڕێز مەسعەود بارزانی لەو دەستەیەدا بۆ، ئەو کاتە یەکێتی دەیەوێت بەڕێز جەلال تالەبانی ببێ بە سەرۆکی حوکومەتی هەرێمی کوردستان. واتە هەردوو لا سوورن لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا و ڕۆڵێکی پاشکۆیانەش بدرێتە لایەنەکانی تر. ئەمە هەڵەیەکی ستراتێجییە و دەبێ لایەنی کوردستانی دەسپێشخەر بێت لە هەنگاونان، نەگ چاوەڕێ بکەین تاوەکوو حوکمەتێکی بەهێز لە بەغدا دروست بکرێت.

جۆن بارودووخی عێراق لەدوای ڕوخانی سەددام گۆڕرا، دەبێ سیاسەتی پیادەکراو لە باشووری کوردستانیش بگۆڕدرێ.

چۆن ئەمریکا و هەموو لایەنەکانی عێراقی هەوڵ دەدەن، ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی عێراق بکات و حوکومەتێکی گەلی بەتوانا دابمەزرێنن، لە باشووری کوردستانیش بەهەمان شێوە، دەبێ حوکمەتێکی جەماوەری دەابمەزرێت کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات.

چۆن ئەنجوومەنی حوکمی عێراق بە پارتی و یەکێتیەوە ڕێکەوتوون لە سەر دانی ڕۆڵێکی گرنگ بە تکنوکراتەکان لە حوکمەتی داهاتووی عێراقدا، بەهەمان شێوە دەبێ لە باشووری کوردستانیش ڕۆڵێکی گرنگ بە ڕۆشنبیران و تکنووکراتەکانی کوردستان بدرێت.

چۆن ئەنجوومەنی حوکمی عێراق بە پارتی ویەکێتیەوە، ڕازی بوون لەسەر ئەوەی کەسانێکی سەربەخۆی وەک بەحر العلوم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی عێراق بکات، دەبێ بە هەمان شێوە ئامادەبن کەسانێکی سەربەخۆی کوردستانیش، سەرۆکایەتی هەر حوکمەتێک لە باشووری کوردستان بکات، گەر پێویست کرا.

چۆن پارتی و یەکێتی ڕازی بوون لە سەر دوو نوێنەری سەربەخۆی کورد لە کۆی پێنج ئەندام لە ئەنجوومەنی حوکمی عێراقدا، کە هەنگاوەکە بەدڵی چەماوەری کوردستانیشە، دەبێ بەهەمان شێوە کەسانی سەربەخۆی کوردستان، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو لە بەڕێوەبردنی باشووری کوردستاندا بگێڕن.

چۆن ئەنجوومەنی حوکمی عێراق بە پارتی و یەکێتی یەوە، ڕازین لە سەر ئەوەی هیچ کام لە پارتەکانی ناو ئەنجوومەن، بەشی شێری نەبێت لە وەزارەتەکانی عێراقدا و مام جەلال و کاک مەسعود و پارێزەر دارا و حەمید مەجیدی حزبی شیوعی عێراق و سەرۆک عەشیرەتێکی عەرەب و بەحر العلوم هەمان دەنگیان هەیە، دەبێ پارتی ویەکێتی بەهەمان شێوە لە باشووری کوردستانیش بەهەمان ڕووح کار بکەن.

ئەگەر پارتی و یەکێتی ڕازی نەبن، گۆڕانکاری دروستکەن لە سیستەمی بەڕێوەبردنی باشووری کوردستاندا بە هەمان شێوەی ئەنجوومەنی عێراق کار بکەن، ئەوە دەبێتە سیاسەتی بانێک و دوو هەوا.

لە سەر ئەم بنەمایانە وبە پشتبەستن بە ئەزموونی ئەنجوومەنی حوکمی عێراق و ئامادەبوونی پارتی و یەکێتی بە شێوەی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو ئەنجوومەنە و گۆڕانکاریەکانی دە ساڵی ڕابردووی باشووری کوردستان و نەمانی ڕژێمی سەددام و هاتنی ئەمریکا، باشترە چاوێک بە حوکمەتی یەکگرتووی چاوەڕوانکراوی باشووری کوردستاندا بخشێنین:

» لە هەموو حاڵەتدا، دەبێ حوکمەتێکی یەکگرتووی کاتی لە باشووری کوردستان پێکبهێنرێت.

» کەسانێکی سەربەخۆ ئەو حوکمەتە بەڕێوەببات، پێشنیار د. محمود عوسمان، یان هەر کەسایەتیەکی تری سەربەخۆی کوردستان کە پارتی یەکێتی کۆک بن لە سەری.

» دانی ڕۆڵێکی گرنگ لەو حوکمەتەدا بە تکنوکراتەکان.

» فیفتی فیفتی و 51% و 49% نەمێنێت و سەرۆکی حوکمەت ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی وەزیر و وەزارەتەکان بە هاوکاری کومسیۆنێکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستاندا.

» "کومسیۆنی حوکمەت" بە مەبەستی پێکهێنانی حوکمەتی کاتی دروست دەکرێت، لە سەر بنەمای توانا و زانین و شارەزایی نەک پارتایەتی.

» گەڕانەوە بۆ پەرلەمان و 105 ئەندامی پەرلەمان ئازاد بن لە دەنگدان و پەسەندکردنی حکومەتی کاتی باشووری کوردستان.

»هەڵبژاردنی ئەندامێکی پەرلەمانی باشووری کوردستان بۆ پۆستی سەرۆک پەرلەمان و یەکی تر بۆ جێگری، لە کۆی 105 ئەندامی پەرلەمان.

» پشتگیری ئەمریکا و پارتی و یەکێتی بۆ ئەو حوکمەتە دەبێ وەربگیرێت. دەبێ پارتی و یەکێتی بەشداربن لە حوکمەتی کاتی باشووری کوردستاندا.

ئەرکە سەرەکیەکانی ئەو حوکمەتە: بەڕێوەبردنی باشووری کوردستان، بەڕێوەبردنی سەرژمێرێک بۆ دانیشتوانی باشووری کوردستان، زەمینە خۆشکردن وبەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی گشتی، ڕیفراندووم لە سەر سەربەخۆیی و کوماری باشووری کوردستانی فیدڕال بە مەبەستی زانینی ڕای جەماوەر نەک جیابۆنەوەی ڕاستەوخۆ، هێنانی هەرێمەکانی تری باشووری کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی، دامەزراندنی هەموو دەزگاکانی حوکمی مەدەنی، جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵات.

زۆر گرنگە هەر لە ئێستاوە پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان و ڕۆشەنبیران و سیاسەتمەداران و جەماوەری خەڵکی کوردستان، ڕای خۆیان دەرببڕن دەربارەی جۆری حوکم و دەسەڵات لە باشووری کوردستان و چاوەڕێی (قەدەر) مەکەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.